# جنین پەڵەیەکی شەرمە بەنێو چەوانی حکومەتانی ڕۆژئاواوە!

**سامان کریم**
zaryak@yahoo.com

لە جنین، لەجیاتی ئینسان شۆفل و بلدوزەر، تەرمی ئینسانەکان دەشارێتەوە لە خاکدا، لە جیاتی خێمەی نایلون و پەڕۆ، خانونی داڕوخاوو تێکدراوە بوّتە خێمە بوّ ژیانی هەزارەها ئینسانی بیٚدەرەتان، لە م شارەدا لەم ئوردوگای زۆرەملیٚیەدا، لەجیاتی تاشە بەرد و کیسە خوٚڵ، سەرشانی مندالاٚن و لاوەکان لە بەرچاوی دایك وباوکیانەوە دەکرێتە شوێنی نیشان گرتن و پایەی چەکی تاوانبارانی سوپای ئیسرائیلی. سیمای ئەم شارە لەماوەی چەند هەفتەی ڕابوردودا، کوشتنی بە کوٚمەل، کاولکردن وتەخت کردنی خانوەکان لەگەل زەوی، زیندانی کردن و ڕاپیچکردنی هاوولاتیان بوو، بەهوٚی یەك ئەنفالی ترەوە، بەلام ئەم ئەنفالەیان لەلایەن " سویسرای ڕۆژهەلاتی ناوەراستە!" وە پیادەکرا. تیروری دەولەتی لە فراوانترین ئاستدا لەم شارەدا بەرێوەچوو، بە پشتیوانەی ڕاستەوخوّو نا ڕاستەخوّیٚ وولاتانی ڕوّژئاوا و بەتایبەت ڕابەرەکەیان ئەمەریکاوە پیادەکرا.

لەم بارەوە زور وتراوە، وە لەلایەن رەئی گشتی جیهانییەوە تاوانەکان و کردەوە فاشییەکانی شارون و حکومەت و سوپاکەی تا ئاستێکی زۆر ریسوا و ئیدانە کراوە، کار گەیشتە ئەوەی کە وەزیرانی دەرەوەی ئەوروپاش نەتوانن چاوی خوّیان بنوقێن، ئەنا لیندا وەزیری دەرەوەی سوید ئەم تاوانانەی ناونا " هەفتەییەك لە شەرمەزاری"، ئەمە جگە لە رێکخراوە ئینسان دوستەکان و پیشکەوتوخوازو چەپەکان، نەتەوە یەکگرتوەکان، هەریەکەیان بەدەوری خوّیان نەفرەتیان کرد لە تاوانە فاشستانەی شاروٚن، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی بوّشی سەروکی ئەمەریکا ڕیگر نەبێت کە لیٚژنەی نەتەوەیەکگرتوەکان، بچێتە جنین بوّ نیشاندانی ڕاستییەکان. بەلام هەلّویست و پراتیك وسیاسەت و تاوانی فاشیانەی شارون وحکومەتەکەی لە کەس شارەوەنییە، وەکو ئەوە وایە باسی تاونەکانی صدام حسین بکەیت، کە بوّ هەموو کەس ئاشکرایە، بوّیە، تەنها ئیدانەکردنی شاروٚن وحکومەتەکەی، بوّ ئەم تاوانانە کافی نییە و ناتەواوە، لەهەمانکاتیشدا دەبێت هوّی ئەوەی کە رای گشتی جیهانی بەلاڕێدا ببرێت، ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی شەریك و برا بەشن لە پیادەکردنی ئەم تاوانە گەورەیەدا.

وولاتانی ئەوروپا بەگشتی یان ئەورووپای یەکگرتوو، کە لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە نەیتوانیوە هەنگاوێکی سیاسی سەربەخوّ لە ئاستی نێو نەتوەییدا بگرێتە پیش و هەر پاشکوّی ئەمەریکابوە، ئێستا کە هەلّپەیەتی بوّخوّجیاکردنەوە و دەرکەوتنی وەك هێزێکی سەربەخوّ لە ئەمەریکا، سەرەڕای هەلّوێستی جیاوزی لەبەرانبەر ئەم کردەوانەی حکومەت شارون و خودی شاروندا، بەلام لەهەمان کاتدا بیٚ دەنگیان هەلّبژارد، نەك هیچ کارێکی پراتیکییان نەخستە دەستورەوە بەرانبەر بە حکومەتی شارون لە چەشنی گێڕانەوەی بالّوێزەکانیان یان لەغو کردنەوەی ئەفزەلەیتی بازرگانی لە گەلّیدا ، یان... هەروەکو لەبەرانبەر موزەمبیق و یوغسلافیاو عێراق و... دەستیان بوّ برد، بەلّکو چاوەڕیٚی گەشتەکەی کولن باولی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکابون، چاوەڕیٚی رشتنی خوێنی زیاتر و ڕوخاندنی خانووی زۆرتر بوون، حکومەتانی ئەوروپا نەك لە ئاستی رەئی گشتی هاوولاتیانی خوّیاندا نەبون بەلّکو دروست، فاکتەرێکی گەورەو گران بون لە بەردەم خوّنیشاندانی جەماوەری ئەوروپیدا. حکومەتانی

ئەوروپی کە وەرقەی بەهێزیان لەدەست دابو بۆ ڕاگرتنی ئەم قەسابخانەیە، هەوڵی پیادەکردنیان نەدا، بەم شێوەیە دەبنە شەریکێکی شەرمۆك و ریاکاری ئەم تاوانە. بەڵام ئەمەریکا و حکومەتەکەی کە ڕاستەخۆ پشتیوانەی حکومەتی ئیسرائیلە، کە سالانە نزیك بە ٣ ملیار دۆلار وەك کۆمەك دەرژینێتە خەزێنەکەیەوە، کە تازەترین تەکنەلوجی جەنگی و پیشەسازی دەداتێ، نەك هەر هیچ کارێکی نیشان نەدات بۆ وەستانی ئەم تاوانە گەورەیە، ئەم تیروریزمی دەوڵەتی‌یە، بەڵکو ڕاستەخۆ لە زمانی سەرۆکەکەیەوە، بیانوی بۆ ئەم قەسابخانەو تاوان وهێرشانەی شارۆن دەهێنایەوە لە ژێر ناوی " دژی تیرۆر" و " پاریزگاری لەخۆ" دا ئەم قەسابخانەو کردەوە فاشیانەی دادەپۆشی و ڕێگریشی دروست دەکرد، بۆهەر کارێك کە ببێتە هۆێ وەستانی ئەم لافاوی خوێنە.

جنین ، بۆ جارێکی تر ڕووی ڕاستەقینەی " دیمکراتی حکومەتانی ڕۆژئاوا"ی نیشان دایەوە، بو جارێکی تر درۆو دەلەسەو ریاکاری ئەوانی نیشاندایەوە سەبارەت بە " مافەکانی مرۆڤ" ، " دیمکراتی" ، " دژی تیرۆر" و... ئەمەریکا هەوڵدانی بو جێخستنی نیزامە نوێکەی بە شەڕێکی خوێناوی و حەساری ئابوری بۆسەر عێراق دەست پێکرد، بە قەتل و عامی خەڵکی صوّماڵ و یوغسلافیا درێژەی پێدا، ئەمڕۆ لەبەرانبەر سەرکوت کارترین حکومەتانی ناوچەکە کە خاوەنی گەورەترین جبەخانەی جەنگی و ئەتۆمی وکیمیایی‌یە لە ناوچەکەدا نەك هەر فزەی لێ‌نایەت بەڵکو پیشتیوانەی بێ سنوری لێ دەکات و کردەوەو سیاسەتە فاشستی‌یەکانیشی بۆ پینەو پەڕۆ دەکات. ئەم سیاسەت و پێوانە جۆراوجۆرانەی ڕۆژئاواو بەتایبەت ئەمەریکا لە بەرانبەر ڕوداوو مەسائیلە جۆراوجۆرەکانی جیهانی ئەمڕۆدا، ڕاست و دروستی باسەکانی ئێمە وەك کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ڕونترین ئاستدا نیشان دەدات سەبارەت بەوەی کە تەواوی مافەکانی ئینسان ، مافە فەردی و رامیاری و ئابوری و کۆمەلایەتی و ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان و... بەگشتی کردەوەی خەباتی کرێکارن وجەماوەری ناڕازی بوە بەزۆری خەبات و ناڕەزایەتی چەندین نەوە، بە بردنە پێشەوەی چەندین شورشی کۆمەلایەتی گەورە لە دڵی ئەوروپادا بەدەست هاتوەو فەرزکراوە بەسەر حکومەتانی بورجوزای‌دا.

ئەگەر بۆ یەك چرکەش تارمایی هێزی بزوتنەوەی کرێکاری وخەباتی جەماوەری لە بەرچاوی ئەم دەسەلاتە خوێن مژەی سەرمایەداری نەمێنێت، ئەوا بەربەرت و وەحشی گەری دەبێتە سیمای جیهانی ئەمڕۆ. بەلام ڕویەکی تری ئەوروپاو ئەمەریکا دانیشتوان وهاوولاتیانی ئەم وولاتانەیە، کە سەرسەختانە وە بەشێوەیەکی فراوان ، هاتنە مەیدان دژی شارۆن وحکومەتەکەی، دژی بۆش و سیاسەتەکانی، مەسەلەی فەلەستین لە میژووی زیاتر لە ٥٠ ساڵەی خۆیدا هیچ کات وەك ئەمرۆ، لە هاوپشتی جیهانی بەهرەمەند نەبوە. ١١ی سیبتمبەر، ئەگەر بو بوش و حکومەتی ئەمەریکا بوە هوّی بەرزبونەوەی کێرڤەکەیان، کە زور ناخایەنێت، ئەوا بۆ خەلکی ئەوروپاو ئەمەریکا بوە خاڵێکی وەرچەرخانی گرینك بۆ بەخۆدا چونەوە، بو خەبات کردن لە پێناو بەجیهانیکردنی مافە ئیسنانی‌یەکاندا.

٤/٢٣

©Kurdistan.net